ئەگەر خەڵکی بە پێی بانگەشەی خۆیان پێیان بدرێت؛ ئەوا کەسانێک داوای ماڵ (مووڵک وپارە) وخوێنی (تۆڵەسەندنەوەیان) (لە کەسانێکی تر دەکرد (بە ناهەق

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خەڵکی بە پێی بانگەشەی خۆیان پێیان بدرێت؛ ئەوا کەسانێک داوای ماڵ (مووڵک وپارە) وخوێنی (تۆڵەسەندنەوەیان) لە کەسانێکی تر دەکرد (بە ناهەق)، بەڵام بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو کەسەیە کە بانگەشە دەکات (دەبێت بیسەلمێنێت)، وسوێند خواردنیش لەسەر ئەو کەسەیە کە نکۆڵی دەکات».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه البيهقي]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە ئەگەر خەڵکی تەنها بەپێی بانگەشەی خۆیان بڕیاریان بۆ بدرێت بەبێ بوونی بەڵگە وهۆکار؛ ئەوا کەسانێك داوای سامان وخوێنی خەڵکانێك دەکەن، بۆیە واجبە لەسەر بانگەشەکار بەڵگە بهێنێتەوە لەسەر داواکەی، ئەگەر بەڵگەی پێ نەبوو ئەوا بانگەشەکە پیشانی ئەو کەسە دەدرێت کە داوای لەسەر تۆمارکراوە، ئەگەر نکۆڵی لەم بانگەشەیە کرد ئەوا دەبێت سوێند بخوات وبانگەشەکە هەڵدەوشێتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4722

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee